**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی- عێراق**
**ژمارەی بڕیـــار:٤٢**
**ڕۆژی بڕیـــار: ٢٠٠٣/١٠/٢٥**

## " بــڕیـــار "

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتانی عێراق، ئەنجومەن لە دانیشتنی ڕۆژی (٢٠٠٣/١٠/٢٥)یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

**یەکـەم**: ئەنجومەنی هەر یەکێتییەك یان هەر سەندیکایەکی پیشەیی کـە بـەپێی یاسـایەکی تایبەت دامەزرابێ ، بۆ ماوەیەك بەردەوام دەبێت لە سـاڵێك نـەترازێ کـە لـە ڕۆژی کۆتـایی هاتنی خولی دیارکراوی خۆیەوە دەست پێدەکات.

**دووەم**: هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە بێت ناخرێتە بەرکار.

**سـێیـەم**: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم بڕیارە بخاتە بەرکار.

**چوارەم**: ئـەم بڕیـارە لـە ڕۆژی دەرهێنانییـەوە دەخرێتـە بـەرکارو لـە ڕۆژنامـەی (وەقـایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د.کمـال عبدالکـریم فـؤاد**
**سـەرۆکی ئەنجـومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێـراق**